OCHA

# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 19 (30ی کانوونی دووەم– 5ی شوباتی 2017)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆرانی بارودۆخەکە بە هەرمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری 13ی شوباتی ٢٠١٧ بلاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- هەروەك لە ٥ی شوباتی ٢٠١٧، نزیکەی 162,000 کەس لە ئاوارەبیدا ژیانیان گوزەراندووە بەهۆی تەنگەتاوی موسڵەوە. زیاتر لە 190,000 کەس بە کۆمەڵ ئاوارەبوون، لەگەڵ نزیکەی 30,000 کەس گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.
- خۆراك و ئاو و سوتەمەنی لە ڕۆژئاوای موسڵ زۆر کەمن، ئەمەش دەبێتە هۆی میکانیزمەکانی خۆگونجاندنی نەرێنی. لەوانەیە بارودۆخی مرۆیی زۆر بەرەو خراپی بچێت هەروەك ڕێگاکانی دابین کردنی بازرگانی بە پچراوی دەمێننەوە و کۆگاکان ناتواندرێت تەواو بکرێن.
- دەستگەیشتنی مرۆیی بەردەوام لە فراوانبوون دایە، و هاوکاران دەستیان گەیشتووە بەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە لە شارۆچکەکانی تەلکێف و تەل عەبتە بۆ جاری یەکەم.
- نزیکەی 24,000 منداڵ دەستیان کردووە بە خوێندن لە بەرنامەکانی پەروەردەیی نافەرمی لە ناو قوتابخانە ڕەشماڵەییەکان لە شوێنەکانی ئاوارەبوون.




Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 6 February, 2017

| 682,000 | 990,521 | 498,738 | 437,645 | 161,886 | 9,931 |
|---|---|---|---|---|---|
| کەس هاوکاری پاراستن وەردەگرن (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان خزمەتگوزارییەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی وەردەگرن | کەس کەل و پەلەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە لەوانە کەل و پەلەکانی وەرزی زستان (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | ڕاوێژکردنی پزیشکی دابین کراون (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاوییەکان | شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاوییەکان |

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

دوابەدوای کەمبوونەوەی شەڕ و پێکدادانەکان لەوەتەی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی ڕۆژهەڵاتی موسڵیان گرتووەتەوە، ڕێژەی ئاوارەبوون کەمتر بۆتەوە، و بە نەگۆڕاوی لەوەتەی ١ی شوبات وەکو خۆی ماوەتەوە. هەروەك لە ڕۆژی ٥ی شوبات، 161,886 کەس لە ناو ئاوارەبیدان ژیان دەگوزەرێنن؛ بە نزیکەیی هەمان ژمارەش لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی دووەم. هەندێك لە جوڵانی ئاوارەبوونی بچووك سەرهەڵدەدەن لە گەڕەکەکانی باکوری ڕۆژهەڵات لەهەردوو لای ڕووبارەکە لە دەرەنجامی تەقەکردنی ناڕاستەوخۆ لەلای ڕۆژئاوا، بەڵام جوڵانەوەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناو شارەکە لە خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاوییەکانەوە لە ئێستادا زیاتر بەرچاون، لەگەڵ نزیکەی 4,800 کەس کە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شامەوە لە نێوان ٢٧ی کانوونی دووەم و ٢ی شوبات.

لەو کاتەی بارودۆخی مرۆیی لە ڕۆژهەڵات موسڵ بەرەوپێشەوەدەچێت، بارودۆخەکان لە ڕۆژئاوای موسڵ بەردەوام بەرەو خراپی دەچێت، بە گوێرەی ئەو شیکارەی کە لە نیوەی دووەمی مانگی کانوونی دووەمدا ئەنجام درا. لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ ئاسایشی خۆراك لە مەترسیدایە بەهۆی هێزی کڕینی نزم لەوەی بەرجەستەبوونی خۆراك: کرێکارێکی لێنەهاتوو لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەتوانێت خۆراکی کەمتر بکڕێت بە دوو لەسەر سێی ئەو خۆراکەی کە لە هەولێر دەیکڕێت.

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکان، خۆراکیش بەرجەستەیە لە ڕۆژئاوا هەرچەندە کۆگاکانی بەرجەستەی بازرگانی کەم دەبنەوە، و نرخەکان نزیکەی دووهێندەن لەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ هەیە، ئەمەش مانای وایە کە خێزانەکان لە ڕۆژئاوا خۆراکی جۆراوجۆری کەم بەکاردەهێنن. بەتایبەتی بەرهەمی تازە زۆر کەمن – بەتایبەتیتر میوە، سەوزەکان و ماسی – و شیری ووزەپێدەر، بە شێوەی هەمیشەیی بە منداڵانی ساوا دراون لە ژێر تەمەنی ١ساڵی، کە زۆر بەتەواوی بەرجەستەنین. ئەو خێزانانەی کە داهاتی کەمیان هەیە بە شێوەیەکی تایبەتی زیانیان پێگەیشتووە. نەبوونی دەرفەتەکانی داهات توانای خەڵکی دەخاتە مەترسیەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی خۆراکی سەرۆك خێزان، و بۆتە هۆی ستراتیجیەکانی خۆگونجاندنی نەرێنی.

ڕاپۆرتەکانی نەبوونی ئاوی خواردنەوە و نەبوونی سووتەمەنی بە لیستێك دادەنرێن وەکو بەرچاوترین پێویستیەکان. ئاوی خواردنەوەی خاوێن بەرجەستەیە بۆ یەك کەس و نیو کاتژمێر دوو بۆ سێ ڕۆژ جارێك لە گەڕەکەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی بەشی ڕۆژئاوای شارەکە، بەڵام هەندێك لە گەڕەکەکان لە باشور و ڕۆژئاوا دەستیان ناگات بە ئاوی خواردنەوەی خاوێن بە هیچ شێوەیەك. لەو شوێنەی کە بەرجەستەیە، نرخی نەوت هەشت ئەوەندە زیادی کردووەە، و نرخی گاز چواردە ئەوەندە زیادی کردووە لەو نرخەی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤. نەوت ئێستا دەتواندرێت بکڕدرێت تەنها لەلایەن خێزانە دەوڵەمەندەکان. زیاتر لەوەش، دابین کردنی کارەبا ڕاپۆرت کراوە کە بۆ چەند هەفتەیەك دەبێت پچڕاوە. نەبوونی سووتەمەنی بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین خێزان دار بسووتێنن، ئەساسی ناوماڵ، پلاستیك و زبڵی ماڵان بسووتێنن تاکو خۆیان پێ گەرم بکەنەوە.

نیگەرانی زۆر هەیە لە نێوان کۆمەڵگای مرۆیی بۆ لەشساغی هاووڵاتیان کە لە ڕۆژئاوای موسڵ گیریان خواردووە. لە پێشبینی دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان بۆ ئازادکردنەوەی ڕۆژئاوای شارەکە، هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە نزیکەوە کاردەکەن لەگەڵ حکومەت بۆ ئامادەکردنی سیناریۆیەکانی مرۆیی کە پێدەچێت دروست ببێت. خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان ئامادەکراون بۆ نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە ڕادەکەن کاتێك ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان دەستپێدەکەن.

دەرفەتەکانی پەروەردە بۆ منداڵانی ئاوارە لە موسڵ و لە کۆمەڵگاکانی ئاوارە گەڕاوەکان لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە بەردەوام لە فراوانبووندایە. نزیکەی 24,000 کەس لە شوێنەکانی ئاوارەبوون و خێوەتگەکان دەستیان کردووە بە خوێندن لە بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمی لە ناو قوتابخانە ڕەشماڵەییەکان لە شوێنەکانی ئاوارەبوون و خێوەتگەکان. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا 100,000منداڵی ناونووسکردووە لە بەرنامەکانی خۆیان، کە دەگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە بەزووترین کات ئەگەر بتواندرێت قوتابخانەکان دووبارە دەرگاکانیان بکرێنەوە، و ٧٠ قوتابخانە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دووبارە منداڵان تۆماردەکەنەوە لە ڕێگەی هەڵمەتی 'گەڕانەوە بۆ قوتابخانە'. ئەو زیانەی کە بەر ژێرخان گەیشتووە لە ماوەی شەڕ و شوڕەوە و هەبوونی پاشماوەی تەقەمەنی جەنگ لە یاردەی قوتابخانەکان بریتین لە هۆکارە بەرچاوەکان کە دووبارە کردنەوەی قوتابخانەکان دوادەخەن لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ و ئەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە.

دەستگەیشتن بەردەوام لە فراوانبوونە، و لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەستیان گەیشتووە بەو خەڵکەی لە تەلکێفن بە دووری ٢٠ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ، و تەل عەبتە، نزیکەی بە دووری ٨٠ کیلۆمەتر بۆ ڕۆژئاوا. هاوکاری فرە کەرت گەیندراوە بۆ زیاتر لە 16,400کەس (2,500 خێزان) لە تەل عەبتە، لەوانە ئاو و کۆمەکیەکانی پاك و خاوێنی و خاوێن کردنەوە و کەل و پەلەکانی ناوماڵ و جل و بەرگەکانی زستان.

## پاڵپشتی کردنی دارایی

هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەردەوامن لە جولەپێکردنی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکە. نەوەد و حەوت لەسەدای بانگەشەی بەپەلەی موسڵ، کە لە مانگی تەموزی ٢٠١٦ دەرچووە، بۆ ئامادەکاری ئۆپەڕاسیۆنەکە وەرگیراوە. ئەمەش ڕێگەی بە هاوکارانی کاروباری مرۆیی داوە بۆ دەستگەیشتن بە سەدان و هەزاران کەس لە ماوەی هەنگاوەکانی یەکەمی هەڵمەتەکە. لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەم، هاوکارانی کاروباری مرۆیی پوختەیەکی جێبەجێکردنی بەرەوپێشوەچوونیان پێشکەشکرد لە پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ کە دەیخەملێنێت بڕی 930 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی پێویستە بۆ گەیشتن بە 5,8 ملیۆن عێراقی. لەو بڕە پارەیە، نزیکەی 570 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی داواکراوە بۆ ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ. تەواوی پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٧ لە پڕۆسەی بە کۆتاهێنان دایە.

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**280,255**
کەس هاوکاری کراون بە میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگات، یان لە ڕێگادان بۆ ناو خێوەتگەکانی ئاوارەبووان و شوێنە تەنگەتاویەکان، پێویستیان بە دەستگەیشتنی بەپەلەیە بۆ هاوکاری سەرەکی و خزمەتگوزاریەکان.

بەهاناوەچوون:

- لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە 2,592 پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 2,077 خێزان کە سوود بە 11,278 ئاوارە دەگەیێنێت، لەوانە 6,203 منداڵ. زۆربەی پێداویستیەکان دابەشکرابوون بەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەنە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە، و جەدعە و حاج عەلی (7,587 کەس) دوابەدوای ئەویش حەمدانیە (1,757 کەس) و خێوەتگەی حەسەن شام و خازر(987 کەس) خێوەتگەی ئەل شێخان (609 کەس)، بەغدا - تەرمیە (327کەس) و خێوەتگەی دیبەگە (11کەس).
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانی تەنگەتاویان بۆ 280,255 کەس (لەوانە 154,124 منداڵ) دابەشکردووە، لەو ژمارەیە 30,199 کەس لە ناو ئەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێك دێن لە 12 کیلۆگرام لە پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی کە بەشی یەك خێزان دەکات بۆ ماوەی یەك هەفتە، 12 لیتری ئاوی خواردنەوەی لە بوتڵکراو و هەڵگرێکی ئاو. لەو شوێنەی کە دەکرێت، هەروەها ئەو پێداویستیانە تیایاندا لەوانە پێداویستیەکی ئافرەتان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە بەردەوام دووچاری هەندێك لە بەرەنگاریەکان دەبنەوە لە دابەشکردنی کۆمەکی لە یەك ناوچە بەهۆی نارێکی لە ئامادەکاریەکانی ئەمن و ئاسایش لە شوێنی دابەشکردنی کۆمەکی.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

**9,931**
شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- زیاتر لە 137,869 ئاوارە لە ئێستادا لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە ماونەتەوە لە ناو کۆمەڵگا خانەخوێیەکان و شوێنە نافەرمیەکان ژیان دەگوزەرێنن. زیادبوونی ئاوارە گەڕاوەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی موسڵ ژمارەی ئەو ئاوارانەی کەم کردۆتەوە لە ناو خێوەتگەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ، بەڵام پێویستیەك هاتۆتە کایەوە بۆ هاوکاری کردنی ئاوارە گەڕاوەکان.
- خێوەتگەکانی قەیماوە و ئەل عەلەم لە ئێستادا پڕبوونەتەوە و کۆی گشتی توانا بۆ نیشتەجێکردنی خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانە سنوردارە. لە ناو خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر شوێنەکانی ڕەشماڵ بەرجەستەن بۆ نیشتەجێکردنی تازە گەیشتوان دوابەدوای جولانەوەی گەڕانەوەی ئاوارەکان.

بەهاناوەچوون:

- بۆ زیادکردنی توانای لەخۆگرتنی ئەو کەسانەی کە دێن لە ڕۆژئاوای موسڵەوە، پارێزگای نەینەوا دوو شوێنی تر بنیات دەنێت: ئەلسەلامیە بە (2,000 شوێن) و بەرتلە (3,000 شوێنی ڕەشماڵ). ئیش و کار لەسەر حەمام عەلیل ئەویش بەردەوامی هەیە. هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی و هاوکاران بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان لەو شوێنانە بەردەوامی هەیە.
- فراوانکردنی خێوەتگەی جەدعە٤ و شوێنە تەنگەتاویەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی بەردەوامیان هەیە.
- گرووپەکە بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ ڕێرەوکردنی هەماهەنگی بۆ پلاندانانی خێوەتگەکە، و بانگەشەکردن لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی و دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە لەپێشینەکان کە لە شوێنە تەنگەتاویەکان و خێوەتگەکان دەستنیشان کراون.
- گرووپەکە کاردەکات لەسەر پێش وەختە دانانی کۆگا بۆ شوێنە تازەکانی کە لە ژێر بنیاتناندان بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارەبوونەوەی چالاکیەکان و باشترکردنی ئامادەکاری بۆ بەهاناوەچوونی ڕۆژئاوای موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگرییەکان:

- لە شوێنەکانی جەدعە ٤ و حاج عەلی، ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی هێشتا بریتین لە یەکێك لە بۆشاییە سەرەکیەکان. گرووپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەردەوامە بە لە ئەستۆگرتنی سەردانە مەیدانیەکان بۆ چاودێری کردنی شوێنەکان تاکو بانگەشە بکات لەگەڵ هاوکارانی پەیوەندیدار.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

498,738
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- هاوکاری وەرزی زستان، لەوانە ڕەشماڵی وەرزی زستانی، گەرمکەرەوە و سووتەمەنی، جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان هێشتا بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 2,063 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی و166 پێداویستیە سەرەکیەکانی وەرزی زستان لە ناو خێوەتگەکان دابەشکرابوون؛ لەوکاتەی لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە 1,771 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل وپەلی ناخۆراکی و 1,312 پێداویستیەکانی کەل و پەلە سەرەکیەکانی وەرزی زستانیان دابەشکردووە بەسەر خێزانە زیان پێگەیشتووەکان. بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرمای ئەم دواییە، 40,965 پێداویستیەکانی جل و بەرگ ئەوانیش دابەشکرابوون لە هەردوو دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، کۆی گشتی 83,123 پێداویستیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی لەوانە (مۆبایلەکان و شتی سەرەکی) دابەشکراون، کە هاوکاری گەیاندۆتە زیاتر لە 498,738 کەس. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی گشتی 21,917 پێداویستیە سەرەکیەکانی وەرزی زستان لەوانە گەرمکەرەوەکان، فەرشە گەرمەکان، جلیکانەکانی نەوت دابەشکراون، هاوکاری گەیاندۆتە زیاتر لە 131,502 کەس. لەو کاتەی 102,333 پێداویستی جل و بەرگ ئەوانیش دابەشکراون.
- کەل و پەلە تەواوکاریەکانی وەرزی زستان، وەکو بەتانیەکان و لێفەکان و تەباخەکان و گەرمکەرەوەکان دابین کرابوون بۆ زیاتر لە 1,425 سەرۆك خێزان لەسەر بنەمای پێویستی. لە کۆی گشتی، 70,014 خێزان هاوکاری کراون بە پێدانی کەل و پەلەکانی تەواوکاری وەرزی زستان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦.
- کۆی گشتی 29,159 ڕەشماڵی خێزانی هەتاکو ئێستا دانراون بۆ دابین کردنی پەناگە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ نزیکەی 174,950 کەس.
- کۆی گشتی 3,684 پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی و 2,448 پێداویستیەکانی داپۆشینی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشکراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، کە سوود دەگەیێنێت بە نزیکەی 37,000 کەس.

بۆشاییەکان و ڕێگرییەکان:

- بۆشایی سەرەکی کە ڕاپۆرت کراوە بریتی یە لە چێشتلێنان و سووتەمەنیەکانی گەرمکردنەوە لە هەندێك لە خێوەتگەکان و لەو شوێنانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت.
- دەستگەیشتن بە دوورووبەری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ هێشتا سنوردارە بۆ هەندێك لە هاوکارانی مرۆیی بەهۆی ڕێگریەکان بۆ ئەمن و ئاسایشی ڕێکخراوەکەیان.
- چاڵاکیەکانی ڕاپۆرتکردن بە بەرەنگاری دەمێننەوە بۆ ژمارەیەك لە هاوکاران، لەوکاتەی ئەوانی تر بە تەواوی هەماهەنگی دەستپێشخەریەکانیان ناکەن.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

47,205
کەس هاوکاری کراون بە وەرگرتنی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لە نێوان ٣٠ کانوونی دووەم – ٤ی شوباتی ٢٠١٧

پێویستیەکان:

- لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی دەرفەتەکانی ژیان و گوزەرانی سنوردار، هەندێك لەو کەسانە دەستیان ناگات بە سیستەمی گشتی دابەشکردنی خۆراك.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی ووشکیان دابەش کردووە بەسەر 9,441 خێزان کە دەکاتە (47,205کەس): 4,803 خێزان کە دەکاتە (24,015 کەس) لە خێوەتگەکانی حەسەن شام م٢، حەسەن شام یو٣، خازر م١، بنکەی ئاسمانی گەیارە، حاج عەلی و جەدعە، و 4,638 خێزان کە دەکاتە (23,190 کەس) لە لادێیەکانی کانی حەرمی، کەزمخان، تەحریر، مەلا بەکار، ئەسعەدیە شیمالی، ئەسعەدیە شاهیر، ئەل عوجە، بێگوانیە سۆفیلە، باشمەیە، هوێت، فارسیە سوفلی و جادالە ئۆتوك.
- هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراوی خواردنیان دابەشکردووە بەسەر 5,062 خێزان کە دەکاتە (22,982 کەس) لە ناو گەڕەکەکانی سەدیق و بەلەدیات و ٧ نیسان لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.

- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران 5,951 پارچەکانی خۆراکی ووشکی لە ناو خێوەتگەی حەسەن شام دابەشکردووە، لە هەولێر و لە خازر و لە حەسەن شام. هەروەها وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراوی خواردنیان دابەشکردووە بەسەر 94 کەس لە هەولێر.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ڕێگریەکان لەسەر جولانەوەی مەرومالات لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و نەینەوا، و نەبوونی شوێن بۆ مەرومالات لە ناو خێوەتگەکان، مانای ئەوە بووە کە هەندێك لەو کەسانە بەنیازنین یان ناتوانن بگوازرێنەوە بۆ ناو خێوەتگەکان.

## تەندروستی

**437,645**

کەس ڕاوێژکردنی تەندروستیان وەرگرتووە لەوەتەی١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- بە شێوەیەکی بەرچاو خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی زیاتر پێویستن لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەر.
- کورتهێنانێك هەیە لە خزمەتگوزاریەکانی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکانی کە زەبری دەروونیان هەیە و حاڵەتەکانی پزیشکی تەنگەتاوی.

بەهاناوەچوون:

- کۆی گشتی 25,125 ڕاوێژکردن ئەنجام دراون لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 4,710 ڕاوێژ ئەنجام درابوون بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی.
- کۆی گشتی 2,448 ڕاوێژکردنی چاودێری تەندروستی ئافرەتانی دووگیان ئەنجام درابوون. کۆی گشتی 655 حاڵەت ڕەوانە کرابوون، لەو ژمارەیە 129 حاڵەت ڕەوانەکرابوون بەهۆی ئاڵۆزیەکان لە ماوەی دووگیانی یان منداڵبوون.
- کۆی گشتی 758 کوتان لە دژی ئیفلیجی و سورێکە ئەنجام دران بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی.
- گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سەنتەری پێشوازی کردنی نەرگزلە بەردەوامە لە ڕێگەی تیمە گەڕۆکەکانی پزیشکی. لەو 909 ئاوارەی کە گەیشتوونەتە شوێنەکە لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 398 ئاوارە خزمەتگوزاریەکانی ڕاوێژکردنیان وەرگرتووە، 76 لەو ئاوارانە بریتیبوون لە منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- شارەزایانی زەبری دەروونی زیاتر پێویستن بۆ دانانی ستاف لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی و نەخۆشخانە مەیدانیەکان، هەروەك ژمارەی نەخۆشخانە مەیدانیەکان ڕوو لە زیادبوون دان.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

**990,521**

کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی وەردەگرن

پێویستیەکان:

- کۆمەکی تەواوی ئاوی خواردنەوەی خاوێن و بەڕێوەبردنی پاشماوە وەکو پێویستیەکی بەرچاو دەمێنێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- بەرجەستەبوونی ئاسانکاریەکانی ڕێك و پێك و گونجاوی ئاو و تەوالێت و حەمام لە قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان بەرزکراونەتەوە وەکو پێویستیەکی بەرچاو. هاوکاران بەپەلە داوای هاوکاری دەکەن بۆ چاککردنەوەی خێرا بۆ ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە بۆ هاوکاری کردن لە دووبارە کردنەوەی قوتابخانە.

بەهاناوەچوون:

- 135,984ئاوارە کە دەکاتە (22,664خێزان) خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان.
- هاوکاریکی تر ئێستا ئاوی خاوێن دەکاتە تانکەری ئاوەوە لە وێستگەی چارەسەری ئاوی ئەل سەحرون بۆ ١٢ گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی موسڵ بە تێکرایی ڕۆژانەی ١٠٠٠ مەتر سێجا. ئێستا ٢٨ گەڕەك دەستیان دەگات بە ئاوی خواردنەوەی خاوێن، لەگەڵ کۆی گشتی ٢٣٠٠ مەتر سێجا کە ڕۆژانە دەکرێتە تانکەری ئاوەوە.
- لەوەتەی ٢٧ی کانوونی دووەم، ١٦ لادێ لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ ( بە نزیکەیی 10,257کەس) بڕێکی تەواوی 837 مەتر سێجای ئاویان وەرگرتووە لە ڕێگەی تانکەرەوە (تێکرای ١٣،٦ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك ڕۆژانە). ناوچە سەرەکیەکان کە لەخۆی گرتووە لەوانە تەلکێف، کە دەستی پێگەیێندرا لە ڕۆژی ٥ی شوبات لە ڕێگەی تانکەری ئاوەوە بۆ جاری یەکەم لەوەتەی ناوچەکە ئازادکراوەتەوە.

- دابەشکردنە تەنگەتاویەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان بۆ 93,300 کەس (15,500 خێزان) لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ جێیەجێکران لە ماوەی ڕاپۆرتکردنی ئەم هەفتەیە.
- بنیاتنانی خێوەتگە بەردەوامە. شوێنەکانی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لەسەرانسەری خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان و 44,945 شوێنی تەوالێت و حەمام لە شوێنە کاتیەکانی گواستنەوەی ئاوارەکان، بۆ ئەگەری خزمەتکردنی 273,054 ئاوارە.
- چەسپکردنی تۆڕی بۆڕی ئاو بۆ یەکەم 2,100 شوێنی تەوالێت و حەمام لە حاج عەلی لە سەدا ١٠٠ تەواو بووە، و کارا دەبێت لە سێ ڕۆژی دا دوای تاقیکردنەوەی تۆڕەکە. دوو لە هاوکاران دەستپێشخەری کارەکان دەکەن بۆ چەسپکردنی ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام بۆ 3,400 شوێن لە هەفتەی داهاتوو.
- لە پێشبینی کردنی ئاوارەی تازە گەیشتوو، کارکردن بۆ درێژکردنەوەی شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە بەردەوامە. هاوکارێك دەستنیشان کراوە و دەست بە چەسپکردنی ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام دەکات بۆ 3,000 شوێن لە هەفتەی داهاتوودا.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ نۆژەنکردنەوەی ماوە درێژی وویستگەکانی چارەسەکردنی ئاو بەپەلە پێویستە تاکو ڕێگە بدات بە هاوکارانی مرۆیی بۆ دەستگەیشتن و گەیاندنی ئاوی هەڵگیراوی بەردەوام.

## پاراستن

پێویستیەکان:

**258,004**

کەس هاوکاری پاراستنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- ڕاپۆرتەکانی هاوسەرگیری بە زۆر بەرزدەبنەوە لەناو خودی زۆربەی خێوەتگەکانی ئاوارەبووان.

بەهاناوەچوون:

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 258,004 کەس لەلایەن هاوکارانی پاراستنەوە هاوکاری کراون.
- ٢٥ هەڵسەنگاندنی پاراستنی بەپەلە ئەنجام دراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان. لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، دوو ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەنجام درابوون لە ناو خێوەتگەکانی حاج عەلی و شەهامە. کێشە سەرەکیەکان کە تیشکیان خراوەتە سەر لە ڕاپۆرتەکان لەوانە: ئازادی لە جولانەوە، مەترسیەکان بۆ سەلامەتی و کەرامەت، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان (خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بە تایبەتی لە حاج عەلی)، و پێویستیەکانی پاراستنی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە و وا دەزاندرێت کە پەیوەندیان هەبێت بە داعش. بەردەوامیدان بە خەسڵەتی مرۆیی خێوەتگەکان ئەویش بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 9,272 خێزان کە دەکاتە (48,700 کەس) لەلایەن تیمەکانی چاودێری کردنی پاراستن هاوکاری کرابوون. 16,391کەسی تر هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 565 ,8حالەت لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن ڕەوانەکراون بۆ هاوکاری تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 9,240 منداڵ کە دەکاتە ( 4,296 کچ و 4,944 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە، و 9,586 منداڵ کە دەکاتە (4,592 کچ و 4,994 کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 26,502منداڵ کە دەکاتە (12,236کچ و 14,266کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 31,873 منداڵی تر کە دەکاتە (15,259کچ و 16, 614کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 47 منداڵ کە دەکاتە (8کچ و 39کوڕ) ڕەوانەکرابوون بۆ خزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبردنی حاڵەت، بەمەش کۆی گشتی 317 منداڵ کە دەکاتە (103 کچ و 214 کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم 109 منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان کە دەکاتە (20کچ و 89کوڕ) بەڵگەنامەیان بۆ کراوەتەوە لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 725 منداڵ کە دەکاتە (244کچ و 481 کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. کۆی گشتی 2,083 لە (918کچ و 1,165کوڕ) کە نیگەرانیەکانی پاراستنیان هەیە ڕەوانە کراون بۆ خزمەتگوزاریە تایبەتەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.
- هاوکارانی کاری مین هەڵگرتنەوە ئۆپەڕاسیۆنەکانی پاککردنەوە لە مین ئەنجام دەدەن لە ناو سنجار و تەلعەفەر و بەعشیقە و حەمدانیە و گوێر و پەروەردەی مەترسی مین لە دیبەگە، حەمدانیە، بەعشیقە، تەلعەفەر، سنجار، گەیارە، حەمام عەلیل و شۆرە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 60,122 کەس سوودیان وەرگرتووە لە دانیشتنەکانی پەروەردە لەسەر مەترسی مین. هاوکارانی مرۆیی بەردەوامن لە ڕاپۆرتکردنی هەبوونی پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگ و هاوکارانی کاری مین هەڵگرتنەوە بەهانای ئەمەوە دەچن، لەوانە ئەنجامدانی شیکاری تەکنیکی و پاککردنەوەی تەنگەتاوی لە ماددە ژەهراویەکان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ و لە ناوچەکانی تازە ئازادکراوی نەینەوا.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 3,040 کەس کە دەکاتە (861 کچ، 813 ئافرەت، 780 کوڕ، 586 پیاو) زانیاریان وەرگرتووە لەبارەی کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەن لەسەر خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژکردنی قەیران بۆ 82 کەس دابین کرابوون لەوانە (24 کچ، 55 ئافرەت، و 3 پیاو).

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- جولانەوەکان سنوردارکراون بۆ هەندێك لە هاوکارانی جێبەجێکار بەهۆی پیسبوون بەهۆی بۆمبە چێندراوەکان لە ناوچەکانی هاووڵاتیان.
- بەهۆی قەرەباڵغی لە خاڵەکانی دابەشکردنی کۆمەکی، هەندێك لە ئافرەتان دوور دەکەونەوە لە دەستگەیشتن بەو ناوچانە و کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکانیان لە دەست دەچێت.

.

- نەبوونی کارەبا لە خێوەتگەکانی جەدعە ٢ و جەدعە ٣، لەوانە لە چواردەوری تەوالێتەکان، دەبێتە هۆی مەترسیەکانی سەلامەتی بۆ ئافرەتان و کچان.
- پلانە گونجاوەکانی بنیاتنانی توانا پێویستی بە پەرەپێدانە و جێبەجێکردنە بۆ پێشکەشکردنی سیستەمەکانی ڕەوانەکردن و خزمەتگوزاریەکانی جۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی زیان پێگەیشتوو، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئامادەکاریەکانی چاودێری گونجاوی جێگرەوە هەن بۆ منداڵانی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان.

## پەروەردە

**23,799**
کوڕ و کچ دەستیان بە خوێندن کردووە لە 25 ژینگەکانی فێربوونی کاتی

پێویستیەکان:

- پاککردنەوەی بەپەلە لە مادە ژەهراویەکان پێویستە لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت ئەنجام بدرێن لەو شوێنەی کە قوتابخانەکان دووبارە دەرگاکانیان کراونەتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا. ٢٨ قوتابخانە لە گەیارە و ٧ قوتابخانە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ ڕەوانەکراون بۆ تیمەکانی تەکنیکی ڕێکخراوی UNMAS بۆ پاککردنەوەی زیاتری تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان.
- چاککردنەوەی بچووک و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ پێویستن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە قوتابخانەکان سەلامەت بۆ دووبارە کردنەوەی دەرگاکانیان.
- 56,660 منداڵ کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکانی موسڵەوە ئاوارەبوون. لەو ژمارەیە، 39,122 منداڵ لە ئێستادا دەستیان ناگات بە هیچ جۆرێکی پەروەردە.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 6,499 منداڵ کە دەکاتە (3,448 کوڕ و 3,051 کچ) ماددەکانیان وەرگرتووە بۆ بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمی لە خازر م١، حەسەن شام م٢، داقوق، حاج عەلی، بنکەی ئاسمانی گەیارە، جەدعە و تکریت. کۆی گشتی 23,799 منداڵە کە دەکاتە (12,184 کوڕ و 11,615 کچ) بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانی پەروەردە لە ژینگەکانی فێربوونی کاتی لە ناو خێوەتگەکانی خازر، حەسەن شام، جەدعە، زێلکان، حاج عەلی و قەیماوە، لە ناو پۆلە نۆژەنکراوەکان لە ناو شارۆچکەکانی تکریت و عەلەم لە ناو گەڕەکی قادسیە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا ڕەزامەندی داوە بۆ فێربوونی فەرمی کە دەست پێبکات لە دامەزراوەکانی خێوەتگە، و شەش قوتابخانەی ڕەشماڵی فەرمی لە حەسەن شام م٢، یو٣ و خازر کراونەتەوە، و ١٢ قوتابخانەی فەرمی لە قەیماوە دەست بەکاربوون.
- زیاتر لە ٧٠ قوتابخانە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ هاوکاری کراون بە پێدانی کۆمەکیەکانی فێربوون، لەگەڵ ئەویش تۆمارکردنی قوتابیەکان لە هەڵمەتی ' گەڕانەوە بۆ قوتابخانە' کە دەستی گەیشتووە بە زیاتر لە 53,000 منداڵ.
- ١٥ ستافی هاوکار، لەوانە ٨ ستاف لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، مەشقیان پێ کراوە بۆ بەکارهێنانی ئامێری هەڵسەنگاندنی کۆبۆ لە دهۆک.
- 1,834 منداڵ پێداویستیەکانی قوتابیان بۆیان دابین کراوە لە حەسەن شام یو٣ و خازر م١.
- پەروەردەی بەپەلە لە هەڵسەنگاندنەکانی تەنگەتاوی بەردەوامیان هەیە لە سەرانسەری ناوچە تازە ئازادکراوەکان، لەوانە ١٢٠ قوتابخانە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ و ١٤١ قوتابخانە لە گەیارە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- کورتهێنان لە ئاو و کارەبا و هەبوونی تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەبنە ڕێگر لەبەردەم دووبارە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان.
- پێنەدانی مووچەکانی مامۆستایان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دووبارە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان
- کورتهێنانێك هەیە لە پەرتووکەکانی قوتابخانە.

## کەل و پەلەکان

**4,279 مەتردووجا** لە شت و مەك و کەل و پەلی ناخۆراکی لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە

بەهاناوەهاتن:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، کۆی گشتی 27,308 مەتر سێجا لە کەل و پەلە ناخۆراکیەکان، کە هاوتایە بە 5,548 تەن مەتر، ڕادەستکراوە بە ناوی ٢٩ ڕێکخراوی مرۆییەوە.
- 600 ڕەشماڵی خێزانی تر گەێندراون بۆ بنکەی ئاسمانی گەیارە بە ناوی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، بەمەش کۆی گشتی ڕەشماڵی خێزانی کە گوازتراونەتەوە دەگاتە 3,200 ڕەشماڵ لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.
- گرووپی کەل و پەل ڕێککەوتنەکان بە کۆتا دەهێنێت لەگەڵ هاوکارانی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ دامەزراندنی ئاسانکاری کۆگای باو لە گۆگجەلی بە قەبارەی (1,750 مەتر دووجا)، بۆ هاوکاری کردنی ڕێکخراوەکان لە بەهاناوەچوونی ڕۆژهەڵاتی موسڵ و بۆ دانانی یەکەکانی کۆگای گەڕۆك بۆ کۆگای باو لە حەمام عەلیل، بۆ بەهاناوەچوونی ڕۆژئاوای موسڵ.

- گرووپی کەل و پەل بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ هەماهەنگی مەدەنی سەربازی و گرووپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی زیاترو پێش وەختە دانانی کۆگا بۆ بەهاناوەچوونی ڕۆژئاوای موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- تاکە شوێنی پێش وەختە دانانی کۆگا کە دەستنیشان کراوە تاکو ئەمڕۆ بۆ بەهاناوەچوونی ڕۆژئاوای موسڵ بریتی یە لە حەمام عەلیل.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

**ڕۆژانە**

هاوکاری کردن بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە پێدانی ژێرخانی پەیوەندییەکانی مرۆیی

بەهاناوەچوون:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

**ڕۆژانە**

بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە موسڵەوە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

بەهاناوەچوون :

- سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق 429 پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام داوە کە پەیوەندیان بە موسڵەوە هەبوولە هەفتەی ڕابردوودا، زیاتر لە دوو هێندەی ژمارەی پەیوەندیەکان کە لە هەفتەی ڕابردوودا وەرگیرابوون. نزیکەی 80 لەسەدای پەیوەندیەکان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام درابوون، لەگەڵ زۆرینەی پەیوەندیەکان (٦٩ لەسەدا) لەلایەن ئاوارەکان ئەنجام درابوون، لەگەڵ 22 لەسەدای پەیوەندیەکان بریتیبوون لە ئاوارە گەڕاوەکان. نیگەرانیە سەرەکیەکان بریتی بوون لە بارەی هەبوونی تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان، زەوتکردنی بەڵگەنامەی ناسنامەکان و بارگرژیەکان لە نێوان ئاوارەکانی ناو خێوەتگەکان و ئەمن و ئاسایشی خێوەتگە.
- هەروەك لە ٥ی شوباتی ٢٠١٧، تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبووانی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە 161,886 کەس لە ئاوارەبیدا ژیان دەگوزەرێنن وەك دەرەنجامێك بەهۆی شەڕوپێکدادانەکان لە ناوەوە و دەوروبەری شاری موسڵ کە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەستیان پێکرد.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردەی گروپی ئاژانسەکانی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و کە لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی سەرکردایەتی دەکرێن و هەفتەی سێ جار کۆدەبنەوە بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وڵات وەکو پێکهاتە ستراتیجیەکەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێروانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. گروپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا، هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی هەماهەنگی لە نێوان گروپەکان و ڕێکخەرانی ناوچەکان و ڕێکخەری مرۆیی بەهێزدەکات. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە
توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەللوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ٣,٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن:
بۆ پرسیاری ڕاگەیاندن، فیلیپ کرۆف، kropf@un.org, Tel: +964 751 135 2875
بۆ پرسیاری تر: دامیان ڕانس، rance@un.org
بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D